ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# ئەفسانەی نەورۆز لەسەردەمی (( فاکس و ئیمەیل و ئینتەرنێت ))دا

*ڕۆژنامەی کۆمەڵ ، ژمارە ٢٢، ٢٠٠٢/٣/٢١، لا پەرە ٥*

ئاگردان هەڵگیراو تەلەفزیۆن و سەتەلایت میراتییەکەیان وەرگرت، ئاگردانی حیکایەتی نەورۆزیش بەداگیرساوی ماوەتەوە. زۆرێك تا ئەمڕۆ باوەڕیان ماوە بە حیکایەتی دوو ماری سەرشانی پاشای زۆردارو کاوەو فەرەیدونی پاڵەوان و دوو وەزیری بەویژدان. بشمانەوێت بەپێی مێژوو و بەڵگەنامەکانی حەقیقەتی نەورۆز بزانین بەدەست بەتاڵی دەگەڕێینەوە، ئەوەشی حەزی لەوەیە باوەڕ بە حیکایەتەکە بکات قەناعەت بەغەیری حەزی خۆی ناکات.

ئەگەر باسە سەیرەکانی حیکایەتەکە لەسەرچاوەیەکی خوداییەوە بهاتنایە دەمانوت موعجیزەن و تەسلیم دەبووین بە زانایی و حیکمەتی خودا. بەڵام شانامەی فیردەوسی یان حیکایەتی پیرەمێردان نابێ بێ وەشاندنی پاچی هەڵکۆڵین و پشکنین لە ژێر دەستمان دەربچن.

دووماره برسییەکەی سەر شانی زوحاك (یان ئەژدیهاك، یان دەئاك، چۆنتان حەزلێیە ناوی بنێن کێ لێتان دەپرسێتەوە) لەگەڵ عەقڵی سەردەمێکدا ناگونجێت کە خۆمان بە بوونەوەرێکی ناوی دەزانین. سەردەمەکەمان ئەمەیە کە دەیبینین بەڵام هێشتا نەورۆزی ئەفسانەی تیایدا دەژی. حاڵەکەش خراپتر چونکە کوردستان هێشتا لە سەردەمەکەدا ناژی. کوردستان لەسەر دوورترین کەناری هەموو پێشکەوتنێکە، لە هەموو زانستێك کۆڵەوارە تەنانەت لە زانستی مێژووی خۆیشی. ئیزدواجیەتێکی سەیرە (سەیرە بۆ کەسێك لە دەروونی مرۆڤ تێ نەگات): لەلایەك باس لە خواستی پێشکەوتن و لەلایەکی تر داکۆکی لەسەر ئەفسانە. بەڵام وەك وتم لەوە خراپتر ئەوەیە پێشکەوتنەکە تەنها لەجیهانی قسەدایەو هێشتا کوردستان زۆر لەو پێشکەوتنە دوورەو تیایدا ناژی. تێگەیشتن لە پێشکەوتن وەکو تێگەیشتنی ئەو برادەرە عەلمانییەیە کە بابەتێکی نووسیوە لەبارەی ڕووداوێك و بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆی لەو ڕووداوە وتبووی: چون شتی وا دەکرێت لە سەردەمی فاکس و ئیمەیل و ئینتەرنێت.

ڕاستە فاکس شتی عەجایەبە بەڵام نەبۆتە هێما بۆ سەردەمەکە تا بوترێت ((سەردەمی فاکس)) زانراویشە کە ئیمەیل یەکێکە لە خزمەتەکانی ئینتەرنێت و ئەگەر بشێت زاراوەی (چەرخی ئینتەرنێت) بەکاربهێنین شتێکی زۆر سەیرەو شایەنی پێکەنینە ئەگەر بوترێت(سەردەمی ئیمەیل)یان (سەردەمی فاکس). ئەمە وەکو ئەوەیە بوترێت ئەمڕۆ سەردەمی مانگی دەسکردو پاتریی سەیارەیە. بۆیە منیش پێم خۆش بوو باسەکەم ئەو ناوونیشانە هەڵبگرێت.

بۆ دوان لە ئەفسانەی نەورۆز و دواکەوتوویی دووفاقەیی لە کوردستاندا بە پێویستی دەزانم چەند نموونەیەکی کەم لەسەر بەرهەمە نازانستییەکان لەبارەی مێژووی کوردستانەوە بەتایبەتی مێژووی کۆنی بخەمە بەردەستی خوێنەران. وەکو کەسێکیش شارەزاییەکی پەیدا کردووە لەبارەی بەشێك لە مێژووی هەندێك ناوچەی کوردستان سەرم دەسوڕمێت لەو وتارو کتێبانەی لەم بوارەدا نووسراون کە بەشی هەرە زۆریان لە وڕێنە بەولاوە زانیاریی ڕاستیان تێدا نییە.

مێژووی کۆن سەرچاوەی تایبەتی هەیە، زۆر کەم لەمانە بەزمانی عەرەبین، هەموویان بە زمانی ئەوروپایین. کاتێکیش تەماشای سەرچاوەکانی ئەو جۆرە وتارو کتێبانە دەکەیت هەژارییەکی تەواو دەبینیت . لەبەر ئەوەش هەڵەکان بە ژمارە زۆرن و بە نەوعییەت زۆر زەقن. بەڵام لە بازاڕی جەهلدا کێ بەو هەڵانە دەزانێت.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس
ZAGROS WEBSITE

بۆ نموونە نووسەرێك و دوان نین کە گەلە کۆنەکانی کوردستان وەکو گوتییەکان و لوللویەکان ... تاد کە بەر لە کۆچی گەلانی هیندو ئەوروپایی زمان لە کوردستاندا ژیاون) بە کورد دەزانن، بگرە زۆر بە سادەیی و ئاسانی بەچەند هۆزێکی کورد ناویان دەبەن. تەنانەت یەکێك لەو نووسەرانە لەبارەی لوللوویەکانەوە دەڵێت کە مێژووناسان سەلماندوویانە کەهەموو کوردو ئارین. بڕوانە: (مێژووناسان سەلماندوویانە)!! رستەیەك بەسە بۆ ئەوەی هەرچی نووسەری کوردە لای مێژووناسان و شوێنەوار ناسانی رۆژئاوا یەکسان بن بەهیچ.

یەکێکیتر (لوگال زاگیزی)ی پادشای سومەری بەگوتی دەزانێت، کە سادەترین کتێبی مێژووی کۆنی عیراق بەسە بۆ سەلماندنی ئەو هەڵە زەقە. تەنانەت ئەمین زەکیش کە کتێبەکەی لەبارەی مێژووی کوردو کوردستان بەو کۆنییەی خۆی هەزار قات لەزۆر نووسینی نوێ چاکترە هەندێك هەڵەی کردووە هەرچەندە توانیویەتی سوود لەژمارەیەك سەرچاوەی ئینگلیزی وەربگرێت. بەڵام هەڵەکانی ئەو لەو جۆرانەیە کە چاوپۆشییان لێدەکرێت ئەویش لەبەرئەوەی نووسەرکە هەوڵی خۆی داوەو بەکەم تەرخەمی مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکاندا نەکردووە.

ئەمین زەکی لەوکاتەدا کە کورد ئەوەندەی ئەمڕۆ خوێنەواری نەبووە (ئەمەش نموونەیەکی ترە) بەڕاستو رەوانی ناوی کێوی (کینیپا) دەهێنێت کە بەباوەڕی پاشایەکی ئاشوری ئەو کێوەیە کەشتییەکەی نووحی لەسەر نیشتو بۆیە بە (نیصیر) واتە رزگاربوون ناوی دەبات و کە ئەمەش ناوەکەیەتی لەداستانە عیراقییەکەدا. ئەمین زەکی لێرەدا دەڵێت (کینیپا - رزگاری) بەڵام بەهۆی هەڵەی چاپەوە نووسراوە (کینیپا - زرگاری). برادەرێکیش دوای دەیان ساڵو لەم رۆژگارەی پێشکەوتنو .. و .. هەڵەی چاپەکە وەکو خۆی نەقڵ دەکاتو دەنووسێت (کینیپا - زرگاری). چی دەبوو کاتێك دەستی دایە قەڵەم ئەگەر هێندەی ئەمین زەکی خۆی ماندوو بکردایە؟

نووسەرێك کە لەسەرووتر ئاماژەمان بۆ کرد لەبابەتەکەیدا باس (ئاننوبانی‌نی)ی پاشای لوللوییەکان دەکات. شوێنەوارناسان لەبارەی سەردەمی ژیانی ئەو پادشایە رێك نینو جیاوازیی خەملاندنەکان لەدوو سەد ساڵ کەمتر نییە کەچی ئەو برادەرە ژمارەیەك دادەنێت (٢٢٣٨تا ٢٢٠٠پێش زاین) مەگەر هەر خوا بەعلمی خۆیەوە بزانێت لەکوێوە هاتووە.

پاشایەکیتر دیسان جیاوازیی راکان لەبارەی سەردەمی ژیانی دوو سەدەو سێ سەدەیە کەچی برادەرەکەمان ژمارەی وردی (٢٢٠٠ تا ٢١٨٥ پێش زاینی) مان پێشکەش دەکات.

پادشای یەکەم دوو یان سێ نەخشی هەڵکەندراوی هەیەو ئەو نووسینەی کەماوە تەنیا باس خوداوەندەکانو سەرکەوتنەکانی دەکات کەچی نووسەرەکە لەخۆیەوە دەڵێت پادشا لەلایەن پیاوە گەورەکانی لوللوییەکان کرا بەپادشا.

ئەم چەند نمونەیەش کە دەیانڵێم لەئەسڵدا فیکرەی بابەتێکە لەسەر ئەم جۆرە هەڵانەو ئەم جۆرە رەوتەی مێژونووسین. بابەتێکە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی چاکە پێش نووسینو بڵاوکردنەوەی چونکە دوژمنایەتی کەسانی زۆری بەدواوە دەبێت.

ئیتر ئەگەر ئەمە حاڵی ((لێکۆڵینەوەی)) زانستیی بابەتی مێژوویی لەسەردەمی مانگی دەسکردو ئیمەیلو فاکسو پاتریی سەیارە بێت ئیتر دەبێت چۆن بڕوانینە حیکایەتی کاوەو زوحاك هاوەڵانیان. کاتێکیش لەبازاڕی جەهلدا ((لێکۆڵینەوە))ی سەیرو سەمەرەی مێژوویی رەواجیان هەبێت ئەوا عەقڵ لەئاستی ئەفسانەی میللیو لەکەشوهەوای سۆزو سەرگەرمیدا تا کاتێکی دیاری نەکراو پشوو وەردەگرێت.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

عەقڵ نەك تەنها لە ئاستی خەیاڵەکەی دووەماری سەرشانی پادشا بێهۆشە بەڵکو لە وەش زیاتر لەئاستی پرسیاری (کێ دەڵێت نەورۆز هی کوردە؟) لەکارکەوتووە. نەورۆز کێشەیەکی گەورەی هەڵگرتووە کە عەقڵی کوردی خۆی لەقەری نەداوە. کێشەکەی نەورۆز لە دوو پرسیاردا خۆی دەنوێنێت، دوو پرسیارەکە پوختەی قسەکانی سەرەوەمانن:

١-چ بەڵگەنامەیەکی مێژوویی باوەڕپێکراو، باس لە بەسەرهاتەکە دەکات؟

٢-چ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو هەیە نەورۆز دەکاتە موڵکی کورد بەتەنیا؟

دیارە هیچ لەمانە نییەو تەنها یەك رستە نەورۆز رادەگرێت ئەویش وشەی (لەوانەیە وا بێت) ئەو رستەیەش بۆتە راستی.

نەورۆز جگە لەکوردستان لەئێران و هندستان و ئەفغانستان و . چەند (ستان)ێکی‌تر هەیەو هەموویان بەهی خۆیانی دەزانن. حاجی تەوفیقی لای خۆشمان ئەمە نازانێت و دەڵێت (جەژنێکی کۆنی کوردە) بەڵام ئەفسانەکە ئەم شیعرە بەدرۆ دەخاتەوە چونکە بەپێی ئەفسانەکە ئەو لاوانەی لەمردن لەسەر دەستی دوو وەزیری بە بەزەیی رزگارکران چوونە کێوەکان و کورد لەوان بووەوە. بەواتایەکی‌تر لەکاتی کوشتنی زوحاکدا کورد وجودی نەبوو و کاوەو فەرەیدون و زوحاك هیچیان کورد نەبوون و کورد دوای سەدان ساڵ و لەوەچەی ئەو لاوانە پەیدا بوون. واتە کورد تەنانەت لە پەراوێزی رووداوەکەشدا نەبووەو تەنها بەرهەمێکی لاوەکیی ئەو رووداوە گەورەیە بووە.

بەپێی ئەفسانەکە دەبێت کورد لەو نەتەوەیە دروست بووبێت کە نەتەوەی چیرۆکەکەیە ئیتر ئەگەر بەئەفسانەکەی فیردەوسی رازی بین یان رازی نەبین نزیکترین کەس لەبەردەمماندا میللەتی فارسە. واتە ئەو رۆژەی ناوی جەژنیان لێناوەو خۆیانی بۆ دەگۆڕن و سەیرانی بۆ دەکەن جەژنی فارسەو سەرەتای پەیدابوونی میللەتی کوردە لە میللەتی فارس.. دەبێ وا بێت بەڵام کەس لەدۆستانی نەورۆز ئامادە نییە قبووڵی ئەم ئەنجامە بکات.

تاکە هیوایەك کە نەورۆزویستان دەتوانن خۆیانی پێهەڵواسن ئەوەیە کە رەنگە ئەسڵێکی راستەقینە هەبێت بۆ ئەفسانەکە واتە پادشایەکی زۆردارو پیاوێکی مەردو میللەتێکی راپەریو هەبووبن واتە ئەو خۆگۆڕین و ئاهەنگگێڕانە لەپێناوی ئیحتمالێکەو لەسەر ئەو ئیحتمالە عەقڵی میللەتێك بینا دەکرێت کە لەوانەیە شتێکی پێچەوانە بێت بەخواستە نەتەوە پەرستییەکە واتە لەوانەیە پادشا زۆردارەکە کورد بووبێت و شۆڕشگێڕان سەر بەمیللەتێکی ستەم لێکراو بووبن.

لەوانەیە خەیاڵی هەندێك بچێت بۆ هەندێك ناوی مێژوویی وەکو دییۆکس D eiokes ی میدی کە هیرۆدۆت باسی کردبوو یان دایائوککو Daiaukku ی وڵاتی (ماننا)ی دراوسێی میدییەکان، بەڵام وەسفەکانی هیرۆدۆت سەبارەت بەدییۆکس تەواو پێچەوانەی ئەفسانەکەیە چونکە ئەمیان بەوتەی هیرۆدۆت دادپەروەر بوو، (دایائوککو)ش لەلاکەی ترەوە فەرمانڕەوای بەشێکی وڵاتی ماننا بوو و لەلایەن سارگۆنی دووەمی ئاشوورییەوە بۆ شاری(حەما)ی سوریا نەفی کرابوو[1].

---

[1] پاش بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەم ئەوەم بیرکەوتەوە کە بەراوردییەکی تر هەیە بکرێت ئەویش لە نێوان ناوی ئەژدیهاك و ناوی دوایەمین پادشای میدی کە یۆنانییەکان بە ئەستیاگیس ناوی دەبەن و پادشای بابلی بە ئیشتومیکو. بەڵام لەم حاڵەتەدا پادشا زۆردارەکە میدی بووە.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

هەندێك کە باوەڕیان بەئەفسانەکە نییە یادەکە دەگەڕێننەوە بۆ گۆڕانی کەش هەوا کە نەورۆز یەکەم رۆژی بەهارە: ئەمەش زۆر لەوە پەسەندترە پشت بەحیکایەتی زوحاك ببەستین. لەراستیشدا لەعێراقی کۆندا رۆژێکی وا لەبەهاردا هەبووە کەجەژنی (ئاکیتو)ی ناوبوو و بەزمو سەیرانی تێدا بوو؟

بابەتەکەم زیاد لەوەی ویستم درێژەی خایاند ئەویش وابزانم لەبەرئەوەی کە پووچەڵ کردنی ئەفسانە هێندەی غەرق بوون لەئەفسانەدا خۆشە، با ئەوەش بلێن کەیەکەم هەوڵی نووسینی جیدیو دووورودرێژی خۆم هەوڵێك بوو بۆ نووسینی رۆمانێك لەسەر کاوەو ئەژدیهاكو برادەرانیترو کاتێکی خۆشم لەگەڵدا بردە سەر بەڵام پێش تەواوبوون وازم لێهێنا. شەرە شیرو موغامەراتێك بوو بۆ خۆی!! شتی وا خۆشە خەڵك کاتی لەگەڵدا بەرێتە سەر بەڵام کارەسات لەوەدایە بکرێتە بیروباوەڕ.

نەورۆزویستان دەڵێن ئەفسانەکە سوودی هەیە بۆ بزواندنی میللەتو بۆ زیندووکردنی هەستی بەرگری.. تاد. بەڵام ئەگەر ئەفسانەکە لەگەڵ ئەفسانەی تردا بەراورد بکرێت دەبینیت

کە سوودەکەی کەموکورتو ناتەواوە. بڕوانە کە داستانی (ئیلیادە)ی یۆنانی کاری هەبووە لەسەر عەقڵیەتی یۆنانە کۆنەکان بەڵام ئەو داستانە بریتی بوو لەزنجیرەیەك کاری پاڵەوانێتی لەکاتێکدا نەورۆزو کاوە بریتییە لەیەك رووداوە: شۆڕش دژی ستەمکارێك. رەنگە موبالەغە بکەین ئەگەر بلێین کە (ئیلیادە) کاری کرد بووە سەر یۆنانەکانو بەجۆرێك کە بەهای سەربازیی لەناخیاندا چەسپاندو ئەم شەڕانگێزییە سوودی بۆیان هەبووە دژی داگیرکەر و لەهەمان کاتدا زیانێکی هەبوو لەقووڵ کردنی شەڕی ناوخۆی خۆیان. ئەگەر نەورۆزیش عەقڵیەتی کورد پێك بهێنێت ئەوا کورد تەنها فێردەبێت شۆڕش بکات و یەکسەر سەرکەوێت. ئەوکاتە ئەگەر حاڵەتی شۆڕشێکی سەختی درێژخایەن هاتە پێشەوە نازانن چی بکەن، هەروەها ئەگەر سەرکەوتن هەر نازانن چی بکەن. لەنەورۆزدا هەڵبەزو دابەزی شۆڕشمان نییەو شێوازی حوکمو ژیانی کۆمەڵایەتیی.. تاد دوای سەرکەوتن نەزانراوە.

وەکو وتم ئەمە موبالەغەیە ئەگینا دەموت شۆڕشە بێ ئاکامەکانی کورد یان سەرکەوتنی شۆڕشو دوایی حاڵەتی (هیچ) بەرهەمی عەقڵیەتی نەورۆزن ئەمڕۆش بگەڕێو ببینە چۆن خەڵك بۆ وەهم ئاهەنگ دەگێڕن تەماشایەکی پەیکەرەکەی کاوەی ئاسنگەریش بکە دەزانیت چۆن هەڵبەستن بۆی هەیە ببێتە مێژوو. پەیکەرەکە کە بۆ دووەم جار دوای راپەڕین دروستکرا نوسخەیەکی چەپڕەوانە بوو. چەکووش کە بەدەستی راست دەگیرێت کاوە بەدەستی چەپ بەرزی کرد بووەوە، دەموچاویشی رووی کردبووە لای چەپ. ئەگەر رۆژێك بهاتایە هیچ بەڵگەنامەو نووسین نەمایە دەوترا کاوە لەوانەیە سەر بەحزبێکی کۆمۆنیست بوبێت. هەر ئەو کاوەیە خۆی دوای ماوەیەك کرایە مرۆڤێکیتر، چەکوشی دەستی چەپی بەرز کراوەی لابراو گوڵە نێرگزی خرایە جێ. کاوەی چەپڕەو بووە کاوەیەکی قەومی. زۆر شت ئاوا وەکو نوکتە دەست پێدەکاتو دوایی دەبێتە راستی. بێگومان راستی لای ئەوانەی حەزو ئارەزوو لەگەڵ برێك نەشارەزایی دەیانجووڵێنێت.

ZAGROS WEBSITE